

# هاچەرە (١)

ئەحمەد زرار

بە هەناسەتەنگی و جارزییەوە لەخەو ڕابوو، دیسان خەونێکی تری کرێتی بە داهاتووی خۆیەوە دیبوو. خەونەکە شتێکی تازە نەبوو، لەو خەونانە بوو کە بەردەوام دوای چرکەیەک دەیبینی لەوەی لە دنیا دادەبڕا و خۆی بە باوەشی خەو دەسپارد.

خەونێک کە بەرلەوەی دەنگی بگاتە جیهانی دەرەوە دەمرد و ئاسەواریشی لە هزریدا دەسڕایەوە. سەیرە! هەر دەڵێی خەونەکە بەم جیهانە نائاشنایە، لەگەڵ خەڵکی ئەم نشینگەیە نکاریێ هەڵکا، دەتگوت نایەوێت خۆی بۆ کەس دەربخات، وەک ئەوە وابوو ترسێک بەربینی گرتووە و ناتوانێ چیتر باڵی بوەشێنێ. خەونەکانی پیاوە داماوەکە، کە شەو دادەهات لەبەرخۆوە دەیگوت: وەک ئەو شەوەی کە گوڵی بەر پەنجەرەی ماڵی ئەوبەرمانەوە لە تێنوێتیدا هەناسەی بۆ نەدەدرا، ویستمان بفڕین و کەمێک ئاوی بە دەمەوە بکەین، کەچی لە نشکەوە بەسەر سواڵەتی پەنجەرەکەی دایەدا دەکەوین و دیزەی داماو بە عەرزی ڕەق دەکەوێت و هەنگامەیەکی وا دەنێتەوە؛ ئەنجام هیچ خانوویەکی ئەم ناوچەیە ناوێرن سواڵەت لەبەر بەرکازی ژوورەکەیانەوە دابنێن.

لە چوڕەی خەونەکە گەڕێن، من دەمزانی پیاوە داتەپیوەکە زۆر حەزی دەکرد ئەو خەونانەی دابڕێژێتەوە؛ بیخاتە ناو چێوەی تابلۆیەک و لە ژوور سەریەوە هەڵیواسێ و بە تەماشاکەران بڵێت، ئەوەتا ئەو تەنیاییەی دەتاندیت و دەنگی نەدەکرد، یان دەیویست هەر هیچ نەبێ تابلۆی ئەو جیهانەی لەبەرچاو بێ، کە هەموو شەوێک دەیبینێت، بەڵام خەونەکانی لە لەنگەری بیرکردنەوەشیدا نەدەمانەوە و خێرا لەبەر ئاوێنەی هزریدا مشتومال دەبوون، وەلێ ئەو ڕۆژەی کە واگا هات، وەک ڕۆژانی تر

نەبوو، چونکە سەرتاپای خەونەکەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەموو لەبەرچاو بوو، دەیزانی لە کوێ دەستی پێ کردووە. وا دەردەکەوت خۆی بەشێک لە خەونەکە بێ، چونکە لەوێ هەستی دەکرد ئیتر بەم جیهانەوە وابەستە نییە و پێیەکانی پەی بە قورسایی ئەو لاشەیە نابەن کە هەڵیانگرتووە، جەستەی وەک میزڵدانێک بەرەو ئاسمان دەڕۆیی و دەیویست هەرگیز بەرەو زەوی نەبێتەوە!

هەستایەوە و سەری قامکی لە جەستەی گێڕا و لە پێستیدا بردییە خوارێ، سەیری پێهات هیچ نیشانە و ئاسەوارێکی قامک داگرتنەکەی بەسەر جەستەیەوە نەبینی! سەیرە، واقی وڕما بوو، تۆ بڵێی ئەوەیشیان خەون نەبێت؟ یان ڕاستییە؟ ئەوجا هەستایەوە و لەبەردەم ئاوێنە لەخۆی ڕاما: هیچی نەبینی بێجگە لە تارماییەک، کە ئەودیوی زۆر بە ئاسایی دیارە و دەتوانێ هەموو ئەوەی لە پشتییەوە هەیە ببینێت! ئەو چینەی یەکجێ لەخۆی حەپەسا، لەبری غەمگینی، بزەیەکی سەیری هاتێ. سەرەتا دەنگی پێکەنینەکەی کەم و نزم بوو، پاشان بەرە بەرە دەنگەکە بەرز بووەوە، لە گریانی منداڵێکی دەکرد، کە وڕک بە لەیستۆکێک دەگرێت.

تێر پێکەنی و قاقای ڕۆژەڕێیەک دەڕۆیی و کردییە شاتەشات: لەوە خۆشتر نابێ، کوڕە خۆ پشتەسەریشم دەبینم! بەخوا دەبێت شتێکم لێ قەومابێت، نا. لەوە ناچێ ئەوەتا ئەو خواردنەی دوێنێ شەو کە نەمخوارد هەروا لێرەیە! کەواتە تێکنەچووم و ئەوەی دەیبینم ڕاستییە، کەواتە بوومەتە فریشتە و هێندێکی دیکە بە حەوادا دەفڕم! کەواتە دەتوانم لە بەرزاییەوە خۆم فڕێ بدەم و هیچیشم لێ نەیەت! کەواتە...! (لە نشکەوە تەمێکی سەرسامی نیگای گرتەوە و لە جێوە ڕەق بوو و جووڵەی لێ بڕا!) لەبەرخۆیەوە گوتی: ئەو خواردنەی دوێنێ شەو کە نەمخوارد هێشتا لێرەیە؟ دووبارەی کردەوە: ئەو خواردنەی نەمخواردووە لێرەیە! ئەوەتا لێرەیە! فرمێسکی لەگەڵ پێکەنینە زۆرە بەرزەکەی تێکەڵ بووبوو و هەر ئەوەیشی دەگوتەوە: هێشتا لێرەیە بەخوا! لێرەییا....!

ماوەیەکی پێچوو، دەنگی نیشتبووەوە، بەڵام هێشتا کە قسەی دەکرد، گریانی پێوە دیار بوو: مادام لە دوێنێوە زادم بەر زمان نەکەوتبێت؛ چۆن هێشتا برسیم نییە؟! مانای وایە من مردووم؟!

پێکەنی و گوتییەوە: مردن؟! ما ئەمن بیسمیللام کردبوو؟! ئەوجا هەستا و بڕێکی دیکە ڕاما، بەرەو ڕووی دەرگە چوو، دەستی بۆ کلیلوونەکە برد، کەچی کلیلوونی دەرگەکە بە ناولەپیدا تێپەڕی و وەک ئەوە وابوو دەستی لەناو ئاوێکی سەهۆڵاو نابێ، فرمێسکێکی دی لە چاویەوە سەری دەرکرد؛ دڵنیا بووەوە لەوەی کە چی ڕووی داوە!

وەک ئەوەی برووسکێک چەخماخە دەدات و سەرتاپای کێڵگەیەک دەسووتێنێ، بەناو دەرگەدا ڕۆیی و بە بلەزی هێندەی چاوتروکانێک لێوەی تێپەڕی، بەناو ماڵەکەیدا سەرێکی هێناوبرد؛ هیچی ئەوتۆی نەبینی؛ لە ڕۆژان نەچێت: سوراحییەکەی دوێنێی کە جێی هێشتبوو، وەک خۆی پڕ لە ئاو دانرابوو، ئەو بالینگانەی کە لەسەری پاڵ دەکەوت و سەربوردەی ڕۆژانەی بیر خۆی دەهێنایەوە؛ ئەو کتێبە دەقشکاوەی لە تووڵەڕێی ناندین کەوتبوو، تەنانەت پەردەی هۆڵەکەی چۆن بە لوولکراوەیی بەجێ هێشتبوو؛ ئاوا بێ هیچ گۆڕانێک هەموویان لە شوێنی خۆیان بوون. ویستی کتێبەکە هەڵگرێتەوە، لێ کە دەستی بۆ برد؛ بیری هاتەوە ناتوانێ هەڵیبگرێت، ناچار بە غەمگینی ملی ڕێگەی گرتەبەر و لە ماڵەوە چووە دەر، بە دەرگەدا تێپەڕی و سەرێکی کێشا و لەبەردەمی هەر ماڵێک بڕێک دەوەستا و لە دەمەتەقێی خەڵک ڕادەما و بە تامەزرۆییەوە گوێی دەگرت: وا دیاربوو، عەبدوڵڵای دوکانداری

کۆڵانەکەیان وەڵامی پرسیارەکانی سەیدۆکی دەدایەوە. هەندێک بیری کردەوە؛ (سەیدۆک؟) منداڵێکم بەو ناوەوە لەبیرە، دەمی لەدایکبوونی، من خۆم لەگەڵ باوکیدا چووم بەدوای مامانـدا، بیرم هاتەوە بەڵێ ئەوە سەیدۆکە، دایکی تا ئەو منداڵەی بوو؛ زۆری ئازار پێوە کێشا و گەلێکی لەگەڵدا ماندوو بوو، مامانەکە بە پرەپڕ توانی گیانی منداڵەکە ڕزگار بکات و بە سەلامەتی لە دایکی جیای بکاتەوە، دایکیشی کە بە حاجییە تووڕەوترۆیەکەی کۆڵان بەناوبانگ بوو؛ بە دەستی دوکتۆر موبارەک گیانی هاتەوە بەر (دوای ئەو ڕووداوە، ناوی بە دوکتۆرە دەست موبارەکەکە ڕۆیی و هەموو خەڵک بەو ناوە بانگیان دەکرد.)

ئیتر بە پەنادزەوە لە ترسی ئەوەی کەسێک بیبینێت، گوێی بۆ قسەکانیان ڕادێرا:

عەبدوڵڵای دوکاندار: بەڵێ بەڵێ، هەر دوێنێکە بوو، ژنەی داماوی بە گریانەوە ڕەوانەی ماڵە بێ باوکەکەی کردەوە. نەسرینی هەشبەسەر هێشتا ئەو کێردەی لەدەست بووە کە ویستوویەتی خواردنی پێ چێ بکات! کە لەپڕ پاتکی جلەکەی گرتووە و لەبەر دەرگە فڕێی داوە.

سەیدۆک: کوڕە هەر ژن؛ دەڵێن منداڵەکانیشی بە پێخەف و لبادەوە تووڕداوەتە دەرێ!

عەبدوڵڵای دوکاندار نەختێک سەری لووتی خوراند و بە جەڤەنگەوە هەڵی دایێ: کاکی من، کابرا هێشتا گەنجە و بە نەسرینە قۆتڕ تێرنابێ! پیاو کە توانی نووکە سمێڵی بە دەستی لوول بدات، حەقی ڕەسمی خۆیەتی شیرینە بێوەژنی ماڵە دراوسێی لەبەر کەپەنکی بخەوێنێ!

سەیدۆک لەگەڵ ئەو قسەیەی عەبدوڵڵا قرتەی پێکەنینی هات، فرمێسکی چاوی سڕییەوە و بە لاقرتێوە گوتی: ئەو گۆزەی بەنیازە تینوویەتی لێ بشکێنێ، دەمێکە هەڵیانقۆڕاندووە!

بەم گفتوگۆیە شیرینی بیرهاتەوە، (بێوەژنێکی گەنجی دراوسێیان بوو، پێشتر چەند جارێک لەگەڵ پیاوەکەیدا یەکیان بینیوە و لەبەر دەرگە بە سەرپێیی دواون)، ئەو حەزی شیرین ویستنەشی کاتێک چەکەرەی کرد، کە ڕۆژێک سمایل دارتاشی مێردی شیرین خان؛ داوەتی ماڵی خۆی کرد. ویستبووی بۆ کارێک ڕاوێژی پێ بکات و بە یەکیشەوە نانێک بخۆن.

ئەو ڕۆژە شیرین خان بۆ بەخێرهاتن و ئەحواڵ پرسی نەسرینی خێزانی، خۆی بە ژووریدا کرد و میوانی تازە هاتووش نیگای لەناکاوی چووە سەر باڵای بە هەنگامەی شیرینەوە: شیرین باڵایەکی تۆزێک بەرز و ژنانەی هەبوو، کە دەڕۆیشت خرینگەی خڵخاڵەکانی دەهات، لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا سینگە پڕ و بەرزەکەی دەهەژایەوە و کەمەرێکی گۆشتن و ڕانێکی پڕی هەبوو، بۆ ئەو ڕۆژەیش کراسێکی شینی ئاودامانی لەبەردابوو، بەشی سەرەوەی کەمێک هاتبووەوە یەک و تەسک دەینواند، بۆیە لەو گۆشەیەی کە میوانەکەی تێیدا دانیشتبوو؛ مەمکە پڕەکانی بە جوانی دەبینران. میوانەکە بە بینینی ئەم دیمەنە خرۆشاوییەکی سەیر ڕووی تێکرد و تەواو سەرنجی پەلکێش کرد، لە خۆشییان ڕووی بەم لا و بەو لادا وەردەگێڕا و پێدەکەنی، لە نشکەوە چاوی کەوتە سەر سەرنجی سمایلی خانەخوێی، بینی چاوی لەسەر ژنەکەیەتی و هێمایەکی واتاداری بۆ دەکات؛ بۆیە هێندەی بڵێی یەک و دوو، لەبەردەم سمایلدا خۆی بەرزەفت کرد و ئەو ئاوەی بە لالێویدا دەیویست بێتە خوارەوە، قووتی دایەوە! بەڵام چەندی کردی نەیتوانی خەیاڵی خۆی بەرزەفت بکات، ئەو ڕۆژە تا نان دانرا و هەڵگیرایەوە، سمایلە دارتاش هەر قسەی دەکرد و کێشەکەی خۆی ڕوون دەکردەوە، کەچی ئەمیش خەیاڵی فڕیبووە ناندین و لە دەوری جەستە شل و نەرمەکەی شیرین خان، دەخولایەوە؛ عەشتەباش لەو باسە نەگەیشت کە سمایلە دارتاش بۆی دەگێڕایەوە، هەروا لە نێوان

پشووەکاندا بە واتای تێگەیشتن سەرێکی خێرای بۆ دەلەقاند و ئمە ئمێکی بۆ دەکرد!

ئیتر بۆ ئێوارەی هەمان  ئەو ڕۆژە کارەساتەکەی تێدا ڕووی دا، بەیەکەوە ژوانیان لە ماڵی شیرین هەبوو، چونکە بۆ لەمەودوا (دوای مردنی سمایلە نەجاڕ) بەو سەودا و مامەڵە خێرایانەی لاکۆڵان و پەنا دەرگە ڕازی نەدەبوو؛ دەیویست وێزەی لە وێزە پڕەکەی شیرین بخشێنێ و بۆ جارێکیش بێت لە باوەشی ئەودا ڕۆژ بکاتەوە! نەسرینیشی خۆش دەویست، بەڵام لەبەرچاوی ئەو، کەس بارتەقای شیرین خەیاڵی پەلکێش نەدەکرد.

شەوان بەر لە خەوتن لەبەرخۆیە دەیگوت: ماڵکاول، ئەمڕۆ کە دەمویست بچمە کار، بە جلی خەوەکەی هاتبووە بەردەرگە و کە منی دیت، هێندێکی دیکە کراسە سپییە تەنکەکەی هەڵکرد؛ ماڵم قەبرە تا ئێستا پێستی هێندە سپی و سۆڵم نەبینیوە، ئەی سینە و گەردەنی بۆ ناڵێی؟ بۆ ئەوە باشە تا شل دەبێت بە ئێشتیاوە دەستی تێدا بگێڕی.

لەگەڵ خەیاڵی جەستەی شیرین، لیکی دەمی قووت دەدایەوە و دەستی لە ملی نەسرینی داماو دەکرد و خەو دەیبردەوە. نەسرینیش لەولاوە ئارخەیان بوو لەوەی ئەو جلەی بۆ باوەشی مێردەکەی پۆشیویەتی، توانیویەتی کاری خۆی بکات و دڵی بەلای خۆیدا ڕابکێشێ!

لەو بیرکردنەوانەدا ڕووداوی ئەو بەیانییەی یەکجاری بیرچووبووەوە! چوو تا سەرێک لە ماڵ بداتەوە و لە ژوانی شیرین خان دڵنیا بێتەوە، بۆیە کە بە بەردەوام دەرگەی داخراودا تێپەڕێ! مووچوڕکێک سەرتاپای جەستەی گرتەوە! بۆ ژووری چرپای خەوی چوو، دیتی کەسێک لە شوێنەکەی ئەو هەڵاژاوە و سەری لەبن پەتووەکەدا شاردووەتەوە! کەمێک ڕاما و شەنوکەوی ڕووداوەکانی ئەم بەیانییەی کرد، یەکسەر زانی کێ لەوێ ڕاکشاوە! چووە لایەکی تری چرپایەکە و دەستی ساردوسڕی خۆی بینی لەژێر پەتووەکە هاتووەتە دەرێ و بە درێژایی جێخەوەکەی شۆڕ بووەتەوە و لەگەڵ ئەو بایەی کە لە پەنجەرەوە دەهاتە ژوور، بە نەرمی دەهەژایەوە!

لە ناکاوێک دەنگی هاچەرەی دەرگە لە حەوشەی ماڵەکەوە بەرگوێ کەوت، کە سەری هەڵبڕی بینی ئەوە نەسرینە، وەک جاران دڵی بەروەست نەهاتووە مێردەکەی بەبێ بەرچایی لە ماڵ بچێتە دەر. هەموو جارێک کە دەنگەدەنگیان لەسەر شتێک دەبوو و لێک دادەبڕان؛ لە دڵی خۆیدا دەیگوت: پیاوی خۆمە، با تووڕەش بێت، ئەوە نییە کۆڵکێشی بۆ خۆم و مناڵەکانم دەکات؟ ئەی من لە هەموو خوشکە بە شووەکانم پۆشتەوپەرداختر نیم؟ بەهۆی ئەو مێردەمەوە نەبوو، براکەم توانی لە زیندان بێتە دەرەوە (دوای ئەوەی کەسێکی بە چەقۆ بریندار کردبوو)؟ هەرجارێکی کە مێردەکەی خراپەیەکی لەگەڵ نەسریندا دەکرد، بۆ ڕۆژی دواتر لە خەو هەڵدەستا و هەموو ئەو پرسیارانەی لەخۆی دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەیگوت (باوەشی پیاوەکەم دڕکەزێشی پێ وەرکرابێت؛ لە پرتەوبۆڵەی ماڵە باوان ئۆخژنیترە!)، بۆیە دوای ئەوەی منداڵەکانی بۆ قوتابخانە بەڕێ کردووە؛ خۆی بۆ ماڵەوە گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی خواردن بۆ مێردەکەی چێ بکات.

بە دەنگی پێنگاڤەکانییەوە دیار بوو؛ نەسرین خان بە داڵانەوە دەهاتە ژوورێ، مێردەکەی وەک ئەوەی تاسەی بینینی بکات، بە پەلەپڕووزێوە خۆی گەیاندە دەرگەی پێشەوە و چاوەڕوانی ئەوە بوو، نەسرین کێلوونی دەرگە بجووڵێنێت و دەرگە بخاتە سەر گازەرای پشت، جیڕەیەک هات و تارماییەکە چاوی بە چاوی نەسرین کەوت، هەردووکیان ڕەق بەرانبەر یەکدی وێستابوون؛ دەتگوت هەر بەڕاست نەسرین سەیری تارماییەکە

دەکات! بۆ ساتەوەختێک وەک ئەوە وابوو؛ لە چاوی تارماییەکە ڕامابێ و گلەیی دەرکردنی دوێنێی لێ بکات، وەک ئەوە وابوو پێی بڵێ: من چیم لە شیرین کەمترە؟! وەک ئەوە وابوو بە گریانەوە پێی بڵێ: دوێنێ کە دەرت کردم؛ بینیم شیرین لەبەردەرگە وەستاوە و بە حاڵی ناجۆرم پێدەکەنێ و بە قرتەقرتێک کە هەموو لاشەی لەگەڵ دەلەرییەوە؛ چووە ژوورەوە و لەبەر پێکەنین بیری دەرگە داخستنیشی نەبوو (لە دڵی خۆیشیدا گوتی: ئەگەر بیزانیبا دەرگە داخستن چییە، ئێستا لە باوەشی پڕ خۆشەویستی مێردەکەم دەبووم!)

سەیرکردنەکەی نەسرین وەک ئەوە وابوو لێی بپاڕێتەوە، تا لێی خۆش بێ، لەسەر ئەم کارە کرێتەی کردوویەتی! وەک ئەوە وابوو بیەوێ بە تارماییەکە بڵێ: دوێنێ کە بینیم شیرین پێدەکەنێ و لەلاشم ڕوون بوو، تۆ لەبەر خاتری ئەو منت وەدەرناوە؛ تا ئۆقرە بە دڵم بدەم دەستم لەناو جەنتا کەوتووەکەی پێشم گێڕا، هەستم کرد بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێت کێردی زەلاتە دروست کردنەکەم لەگەڵ خۆمدا هێناوە، ئای چۆن گەشامەوە! دەستم دایە کێردەکە و بەرەو ماڵی شیرین چووم، لە دالانی ماڵەکەی چوومە ژوورەوە؛ بە ئەسپایی هەنگاوم دەهاویشت و سەرم بە ژوورە چۆڵەکانیدا دەگێڕا، لە ژووری خەوەکەی هێشتا دەنگی پێکەنین دەهات، کە بەرەو وێ پێم بە غارەوە نا و لە کونجی دەرگەوە دیتم لەپێش ئاوێنەیەکی باڵانما وەستاوە و چەند دەست جلی خەوی لەسەر کورسییەک داناوە و یەکە یەکە تاقییان دەکاتەوە.

نەسرین دەتگوت دەیەوێت بە تارماییەکە بڵێ: نیازی کوشتنیم نەبوو، تەنێ بۆ ترساندن و تۆزێکیش بۆ ئاسوودەکردنی ڕوحم چوومە ژوورەوە، هێندە بە تووڕەیی لێی بە ژوور کەوتم، لەگەڵ دەنگی دەرگە کردنەوەکە ئاوڕێکی خێرای بۆ دواوەی خۆی دایەوە، کە منی بینی بەخۆ و بە کێردەوە لەبەردەمیدا وەستاوم، هێندەی تر زراوی ڕژا و لە قیژەیەکی ژنانەی دا، بە لەخۆدان و ئاهـ و ناڵەناڵ دەیویست دراوسێکان لە هاتنەژوورەوەی من ئاگادار بکاتەوە.

نەسرین لەبەردەمی تارماییەکە بەرە بەرە قاچی شل دەبوو، ئیتر خۆی بە پێوە نەدەگرت، دەتگوت دەیەوێت بە تارماییەکە بڵێ: بەخوا نەمدەویست بیکوژم، کە گوێم لە زیرە و هاوارکردنی بوو، هێندێکیش لە بەسەرهاتەکەی پەشیمان بوومەوە، لێ کە لەگەڵ هاوارکردنەکەی خۆی دەسوڕاند و جەستەی لەلەراوی دەردەخست؛ دیتم وێنەیەک بە قولینچکی ئاوێنەکەیەوە کراوە، کە جوان لێی ورد بوومەوە، زانیم ئەوە وێنەی تۆیە و جێگەی سووراوێکیشی بەسەرەوەیە، (نەسرین هەموو ئەو شەوانەی هاتەوە بەرچاو، کە شیرین ئەو وێنەیەی ماچ کردووە و لەسەر سینگی خۆی داناوە، چونکە جێگەی ماچەکە بەسەر وێنەکەوە کۆمەڵێک خەونی تامەزرۆ بوون کە نەسرین باش دەیتوانی بیانبینێ و هەستیان پێ بکات).

دەتگوت دەیەوێت بە تارماییەکە بڵێت: سوێندت بۆ دەخۆم، دوای بینینی وێنەکە مەچەکی ئەو دەستەی کێردەکەم پێ گرتبوو، خۆی بەرەو دڵی شیرین ڕایکێشام و خۆی هێزی دامێ تا بە چێژەوە کێردێک لەسەر دڵی بدەم، شیرین لەبەردەستم وەک لەیستۆکێکی یاری وابوو، من کێردێکم لەسەر دڵی دابوو، هێشتا بەڕوومەوە پێدەکەنی و دەمتوانی بە جوانی بزە ناشیرینە بێزراوەکەی ببینم! دڵم ئۆخژنی نەهات تا دوو سێ کێردی دیکەم لە دڵ و وێزەی نەبردە خوار! دەتگوت دەیەوێت بە تارماییەکە بڵێت: دوای ئەوەی دەنگی بڕا و قیرەبڕم کرد؛ لە دیواری لای ڕاستەوە؛ ئەو دیوارەی کە بە ماڵی خۆمانەوە لکابوو؛ گوێم لە تەپە تەپێک بوو، وەک ئەوە بوو

کەسێک ئاگادار بکرێتەوە! کە گوێم لەو تەپەیە بوو فرمێسکێک لە چاومەوە سەری دەرکرد و بە لاجانگمەوە هاتە خوار... لەگەڵ ئەوەی کە دەگریام و دڵم لە دەنگی تەپە تەپەکە شکابوو، ترسێکیش دایگرتم، ترسام لەوەی کە خۆت بەسەربانەوە بێیتە ماڵی شیرین و لە هۆکاری وەڵام نەدانەوەی دڵنیا بیتەوە، بۆیە بە پەلە هەموو شوێنەوارەکانی خۆمم بەسەر جەستەی شیرین پاک کردەوە و ژوورەکەیشم ڕێک خستەوە و لە ماڵەکەی چوومە دەر. جەستە زیوار زیوارەکەی شیرینیشم بەسەر چرپای خەوەکەیەوە جێهێشت!

بەڵام هیچێک لەوانەی نەگوت، لەوە ناچێ هەر تارماییەکەیشی بینیبێ، بەڵام هەستی بەو گەرمییە دەکرد کە لە چاوی تارماییەکەوە بەرەو ئەوەوە دەهات! بە نووکی پێ بە ماڵەکەدا هات، ژوورەکانی بەسەرکردەوە و بەرەو ژووری خەوی خۆی و تارماییەکە چوو، گاڵەی دەرگەی بە هاچەرەی دەستی کردەوە و جەستە شل و ولەکەی مێردەکەی دیت لەناو پێخەفی گەرمی شەو، وەک خۆی مابووەوە، بە گریان و ناڵانەوە بەرەو ئەو دەستە شۆڕبووەوە چوو کە لەژێر پەتووەکە هاتبووە دەر، دەستەکەی خستە ناو هەردوو دەستی خۆی و ماچی کرد و خستییە سەر سینەیەوە! لە هیکرا هەڵوێستەیەکی کرد و هەستی کرد دەستەکانی مێردەکەی وەک جاران گەرماییان تێدا نییە! بە پێچەوانەوە ساردوسڕ، دەتگوت سەهۆڵاوێکی کەللەتەزێنی بە سینگ و وێزەیدا کردووە! بە نیگەرانی پەتووەکەی هەڵدایەوە؛ ڕوخساری مێردەکەی وەک جاران خوێنی تێ نەدەزاییەوە و مۆر هەڵگەڕابوو؛ دەستێکی بەسەر چاویدا هێناوبرد، هەمان ئەو ساردییەی لە دەستیدا هەبوو؛ بەسەر ڕوخساریشیدا وەرکرابوو، نەرمە نەرمە فرمێسکی نیگەرانی لە چاوی نەسرینەوە ڕیزیان دەبەست؛ سەری لە جەستە ساردوسڕەکە بردە پێش و گوێی نا بە دڵە بێدەنگەکەی مێردەکەی، هیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات، تەنانەت لەو ڕۆژەیش بێباک و بێدەنگتر بوو، کە لە ماڵەوە وەدەری نا! بە گریان و ناڵە و هاوارەوە بەرەو کۆڵان پێی بە غارەوە نا، لەخۆی دەدا و شریقەی ئاسمانی کەڕ دەکرد! دکرێکی بە سینە و ئەو جلەی بەری کرد؛ با بە دەواری شڕی نەکردووە: تا گەیشتە کۆڵان و بەردەرگە، وەختابوو جلەکەی لەبەرخۆی داکەنێ: جیڕپەجیڕی کرد. هێندەی بە کۆڵە مستان لە سینگی خۆی دابوو، لەگەڵ گریان و هاوارکردنەکەی کۆخە کۆخی گرتبوو، دیتی لەبەردەرگە چەند دراوسێ و عەبدوڵڵای دوکاندار و سەیدۆک سەریان لەبن سەری یەکدی ناوە و کۆڕیان دابەستووە.

نەسرینیش بە هێنکەهێنکەوە هەر هاواری دەکرد: هۆ دراوسێ، هۆ کەسوکار، مێردەکەم چاوی ناکاتەوە و دڵی لە لێدان کەوتووە، توخوا تەلەفۆنێک بۆ فریاکەوتن بکەن، توخوا وەرن بە هانامەوە...

مام عەبدوڵڵا پێش هەموو پیاوەکان گەیشتە سەر جەستەی تارماییەکە و بینی تازە کار لە کار ترازاوە و نەخۆشخانە بێ سوودە! بۆیە لەگەڵ پیاوەکانی دیکە جەستەکەیان بەرەو مزگەوتی کۆڵانەکە بەسەر شانی خۆیاندا دا و ژنانی دراوسێکانیش لەگەڵ نەسرین بە گریان و ناڵە و هاوارەوە بە شوێنیاندا چوون.

تارماییەکە تا ئەو کاتەیش بە بێدەنگی لێیان ڕامابوو، زەینی لەسەر نەسرین لانەدەبرد؛ بە تایبەت ئەو کاتەی بەرووی ژنەکانەوە هەڵدەشاخا و دەیگوت: بەخوا خۆم سوڕ دەمزانی، ئەم دوو دڵە لێرەش نابێ؛ لەولا هەر بە یەک دەگەن! ئەی سەربەهەش خۆم، تازە چارەی ڕەشم بەرمە کوێ و چۆن و بە چی ئەو چارەیەم سپی بکەمەوە؟!

**پەراوێز:**

**(١) هاچەرە: کلیل.**